# گۆرانیی سیمرغ.. شەوێك لە شەوانی سیمرغ

غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

چامەی (شەوێك لە شەوانی سیمرغ) یەکێکە لەو چامە شیعرییانەی کورد، کە تا سەردەمێکی درێژخایەن هەلومەرجی هونەری و فکریی خۆی لەدەستنادات، یەکێکە لە تاقیکردنەوە زیندووەکانی شیعری کوردی، لە شموولییەت و لە ناسکیی دەنگ و سۆزو بڕوای بە توانای هونەری، شاعیری ئەم چامە نەمرە شاعیری دوورەوڵات (سەلاح شوان)ە. سیمرغ، باڵندە خورافییەکەی نێو ئەفسانەکان، لە شیعردا بووە بە جێگرو هێمای نەمری و نوێبوونەوەو رەمزی موستەحیلیشە. وشەکە لە رەچەڵەکدا فارسییەو لە دوو وشەی لێکدراو پێکهاتووە (سی، مرغ) واتا لە زلیدا بە گوێرەی سی مریشکە هەروەکو فەریدەدین عەتاریش وەهای بۆ چووە، بەدەم خوێندنەوە گڕ دەگرێت، بۆ ئەوەی بەردەوامیی و نەمرایەتی بەرەگەزەکەی خۆی بدات، مرۆڤیش دەمێکە سیمرغ ئاسا بە زمانی شیعرو هونەر بۆ بەربەرەکانی مەرگ و نەمرایەتی خۆی ئەو نەعرەتەیە دەکێشێ و بێهوودە تاشەبەردەکەی (سیزیف)ی خستۆتە سەر نەڕەی شانی، بەکارهێنانی لە نێو شیعردا واتای گەڕان دەگەیەنێ بەدوای موستەحیلدا، شاعیریش ئەو ئاگرە دەدزێت کە لە کڵپەی پەڕو باڵی سیمرغ دەکەوێتەوە، (پڕۆمیتۆس)یش ئاگری لە خوداوەندێکی دڵڕەقی وەکو (زیۆس) دەدزێت، تا ڕێگای مرۆڤی پێ ڕووناکبکاتەوە بەرەو ئەو حەقیقەتە، شاعیرو ئەدیبی (مۆدێرنخواز)یش لەم هەموو چەمکانەوە شوێن پێ و فەلسەفەی خۆی هەڵدەهێنجێنێ و دیاریدەکات و کارە هونەرییەکانی ئەنجامدەدات، کە دەنگدانەوەی گۆرانی سیمرغەکەیەو لەبەر ڕووناکی ئاگرەکەی پڕۆمیتۆسدا هەنگاو هەڵدێنێ..

سەلاح شوان و شەوانی سیمرغ

تەمەنی ئەم چامەیە پتر لە بیست و پێنج ساڵە کە بەم سەرەتایە دەستپێدەکات: ئەمشەو تەنها هەر من و تۆین/ وەرە با باسی هیچ شتێك/ بۆ یەکتری نەکەین و بیر/ لە هیچ شتێ نەکەینەوە.. (شەوێك لە شەوانی سیمرغ). شاعیر بەم سەرەتایە مەسەلە فیکرییەکە دەخاتەڕوو، واتا (استهلال) دەستپێکردن سەرجەمی تەنگژە فیکرییەکە ئاشکرادەکات.. بیر لەچی بکاتەوە؟ لە نەزۆکی و ژیان و مەرگی ڕۆح؟ لێرەدا شاعیرو سیمرغ بۆ نەمریی خۆیان دەخوێنن، سەرەڕای ئەوەی کە دەزانن نەمریی لە نەزۆکی ژیان و مەرگی ڕۆح بەولاوە چیدی نییە، بۆیە جێگۆڕکێ دەکەن، بگرە هەردووکیان جمکی یەکترن، هەردوو جووتێ گیانداری ئەفسانەیین و نایانەوێ پەڕوباڵی خۆیان بخەنە بەردەستی گۆشت خۆرەکان، دیاریشە سیمرغ و شاعیر گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییەی کە هاوارەکەی (فرانز کافکا) لە نامەکەیدا لە ساڵی 1914دا دەیسەلمێنێ کە دەڵێ: (ئەوەی دەینووسم جیایە لەگەڵ ئەوەی دەیڵێم، ئەوەی دەیڵێم جیایە لەگەڵ ئەوەی کە بیری لێدەکەمەوە، ئەوەی بیریلێدەکەمەوە جیایە لەگەڵ ئەوەی دەبێ بیری لێبکەمەوە بەوجۆرە کاروبار بەڕێوە دەچێ، دوورو دوورتریش تا دەگاتە تاریکاییەکی ئەنگوستەچاو). لەم بڕگەیەشدا شاعیر جۆرە موحاکاتێکی (وێرانە خاك)ی (ئەلیوت) دەکات: ئەمشەو مێشکم ماندووە، بەڵێ ماندووە،/ لەگەڵمابە/ قسەم لەگەڵ بکە، بۆ هەرگیز لەگەڵما/ نادوێی، بدوێ/ لەچی بیردەکەیتەوە؟ بیری چی دەکەیتەوە؟/ چی؟/ نازانم هەرگیز بیری چی دەکەیتەوە،/ بیر کەرەوە.. (وێرانە خاك.. ت. ئێس. ئەلیۆت). لەم چامە شیعرییەدا هەرگیز دوانەی ناکۆکییەکان بەدی ناکرێت، واتا جەدەلییە دیالێکتیکەکە رەتدەکاتەوە، کە ئەنجامی دوو رای ناکۆك رای سێیەم بێتە کایەوە، بگرە چاوەڕوانی هیچ گۆڕانێك ناکات، شوورەیەکی ئەستوورە، ئەگەر ئەو شوورەییەش بڕوخێنێ، دەسا هەردوو دیوەکەی دۆزەخەو شایانی ئەوە نییە جێگۆڕکێ لەگەڵ یەکدی بکەن، ڕاستییەکی وجوودییانەش دەخاتەڕوو، کە ڕاستییەکی دڵتەزێنەو دەربازبوونیش لێی مەحاڵە... ئەم شوورەیە زۆر ئەستوورەو/ هەردوو دیویشی دۆزەخە/ ئیتر بۆچی جێ گۆڕکێ لەگەڵ کەسی تردا/ بکەین..! هەربۆیەش جارێك زیندانییەو جارێکی دیش ئۆردیانە.. تەنها لە جێگا وەزیفیەکە جێگۆڕکێ دەکەن، ئەگینا هەردووکیانیش یەکن (زیندانی، ئۆردیان) لێرەشدا دووانەکە ناکۆك نین، بگرە هەردووکیان ژیانی مادین و چ جیاوازییەك لە

نێوانیاندا نییە، ئەوەتا دەڵێ: ئەمشەو سێ شەوە بە تەنیام/ بە تەنیام و گوێم لە ترپەی پێی دڵی/ زیندانییەکەمە.. لە بەشێکی دی ئەم چامەیەشدا دەڵێ: ئەمشەو لەجێگای خۆمەوە/ وەك هەمیشە زیندانییەك سەرهەڵئەبڕم.. شاعیر، کۆمەڵێ حەقیقەت هەن کە هەرگیز گۆڕانیان بۆ نییە ئاشکرایان دەکات و تووشی هەمە وجودییەکەی دەکەن و نایەوێ بیریان لێبکاتەوە، وەکو (خود)، بەڵام وەکو مەوزوع (بابەت) دەیانخاتە بەرچاو، ئەنجامیش پەنا دەباتە بەر ئەوەی کە لەگەڵ هاودەمەکەی (دڵدارەکەی، زیندانییەکەی، ئۆردیانەی، سیمرغەکەی)دا بدوێت و باسی شەوانی بەفرو مانگ و عەشقی خۆیان بۆ بکات، کە لەلای ئەو بوونەتە سیانەیەکی پیرۆز، وەکو سێ حەقیقەتیش گۆڕانیان بۆ نییە (بەفر، مانگ، دڵداریی)، هەرسێکیانیش رەنگی (سپی) نیشانەو ئاماژەیانە، ئەمەیش ئەو دەلالەیە کە هێندێ دڵی دەداتەوەو وەکو بەنگێکیش لە هەمە وجوودییەکەی رەهای دەکەن و لەهەرەس هێنانە رۆحییەکەی دووری دەخەنەوە، چونکی: نە دەریا خەونەکەی جارانە/ نە ئەو رووبارە خووڕیە/ کە من خۆمدایە دەمییەوەو/ ئەو نەیبردم.. وا دیاریش دەکەوێت خۆزگە بەجاران دەخوازێ و ئەوەی ئێستا هەستی پێدەکا راستییە تاڵەکەیە (ناو گەدەی نەهەنگەکە)، دەشیەوێت بەربەرەکانێ لەگەڵ وشیارییەکەی ئێستادا بکات، بەڵام دەرەقەتی راستییە تاڵەکان نایەت، لێرەدا گۆرانییەکی (داریوش)م دێتەوە یاد کە دەڵێ: (کاشکی وشیار نەبوومایە، چونکی وشیاری خەمێکی گەورەیە).. شتێکیش نییە ئەو بگەیەنێتە هەوارە مەبەست، ئۆدیۆییە و ئامانجی هەڵەکردووەو ناگاتەوە ئەو وڵات و شارەیش (ئیساکا) کە لێوەی هاتبوو، بۆیە خۆی دەداتە دەم رووبارەوە، رووبار پشتی دەچەمێتەوەو خۆی دەداتە دەم زریانەوە، ئەویش دەبێتە کۆترێکی دەستەمۆو بۆ هێلانەکەی خۆی دەگەڕێتەوەو دادەکاسێ، سواری پشتی غەمی ساڵێکی برینگ دەبێ و هەڵیدەگرێ و ئیدی گەڕانەوەی نابێ و چاوەڕوانی دەبن و هەر نایەتەوە، ژیان دەبێتە چاوەڕوانییە لەبن نەهاتووەکە بۆ (گۆدۆ)، هەموو وەرزەکان دەگۆڕدرێن و دەبنە وەرزی گڕەوگەرمای سوتێنەر، تەنانەت لە زستانیشدا نەونەمامە تینووەکان وەکو هاوین دەپرووکێن، بەڵام رووبارو زریان و غەم و مەرگێکی ناکام لە رۆژێکی تۆف و سپی پۆشی بەفردا بە چوار دەستە لاشەکەی دەهێننەوە.. لەم چامەیەدا بەفریش بووەتە رەگەزێکی زیندوو.. بووەتە رەمزی بێگەردیی و لەناوچوونیش، تەنانەت بەفری تەنکی ژێر کراسی ئەو کچۆڵەیەش کە خوێنی بەهاری کچێنی بە فیڕۆ چوو، بوو بە کفنی.. هەموو شتێ لەم چامەیەدا ئاکامەکەی بێ هوودەییە، وا دیاریش دەکەوێت لە گەڕاندا بەدوای جیهانێکی بێوەی تڕەوە سەری نابێتەوەو دیسان هیچ شتێك ناگاتە دوا مەبەست و هەموو شتێ بەنێوەچڵی دەگاتە ئەنجام و لەم گەردوون و ماهیەتەدا هیچ شتێ کامڵبوونی بۆ نییەو ناگاتە پۆپە، تەنانەت کۆڵەکەی خێوەتی عیشقیش دەبێتە قوربانی ئەو ئامانجە بە مەخسەد نەگەیشتووەو لەگەڵیدا چاو لێکدەنێ: بەفریش سەراپا زنجی چۆڵی هەناوی/ گرتووەتەوە/ بەفری دێرینی عەشقەکەت/ هەموو لوتکەو/ نسێکانی دەروونمی داگیرکردووەو/ بەری نادات... لەلای ئەو تەرازووەکان لاسەنگ بوون و هەستدەکات وێرانکارییەکە لە ئارادایەو سیمرغ پەڕوباڵی خۆی دەداتە گۆشتخۆرەکان و رووباریش دەبێتە کەڵەز بۆ نێچیری راوچییەکان و سیروانیش لە سیروانیی خۆی دەکەوێت و خۆی دەکاتە بەردەباز بۆ کاروانچییەکان: کەی بیستووتە؟/ سیمرغێك پەڕوباڵی خۆی دابێت بە گۆشتخۆرەکان و/ لەبەر دەستیان دانیشتبێت!/ ئەگەر رووبار، لاشەی خۆی بکا/ بە کەڵەزو/ راوچییەکان بۆ ناو مێرگی ماچی/ کارمامزەکان بەرێت و/ خۆی لە خوێنی سپی چناران هەڵکێشێ/ رووبارنییە.../ ئەگەر سیروان بواری کاروانی خەڵوز/ بدات و بپەڕێتەوە/ سیروان نییە! هەمان ئەو راستیانە لەچەند شوێنێکی دی شیعرەکەدا بە وێنەی شیعری دووپات دەبنەوە، یاخود پتر دەکرێنەوە، سیمرغیش هەر حەقیقەتە ئەزەلییەکەیەو لەناو دڵی سیمرغدا هەموو راستییەك و جەدەلییەتێك بەرجەستە دەبێ، شاعیر ئەوەمان پێ دەڵێت نابێ وەها تێبگەین کە دەریا خۆی رەنگی شینەو پڕە لە مرواری و گەوهەر، بەڵام حەقیقەتێکی ماددی هەیە کە هەموو دیاردەیەك رەنگدانەوەی دیاردەیەکی دی سروشتییەو تەئویلێکی دی قبووڵ ناکات، ئەمەیش تەئکیدکردنی فەلسەفەی (فینۆمینۆلۆژیا)یە، کە فیکری وجودی لەسەری دامەزراوە، گوێچکە ماسیش لە نێو دەریا ئەگەر تریفەی مانگەشەو هەڵنەمژێت، مرواری دروستناکات، رەنگی دەریا شینایی چاوی ئاسمانەو گەوهەرەکانی نێویشی ئەستێرەی دەستەمۆی دەستی شەپۆلن.. دەنا هیچ شیکردنەوەو بۆچوونێکی دی هەڵناگرن و هەموو شتێکیش لە مەداری ئەو عەبەسیەتەدا دەسوڕێتەوەو ئەستێرەکانیش یەخسیری بازنە بۆشەکەی مەدارەکانن و هەموو کەسێکیش سیمرغ و شاعیر نییە تا بەرگەی گڕی سوتێنەری ئەو حەقیقەتانە بگرێ: وەرە ئەمشەو لەگەڵمابەو لێم تێبگە/ چۆن لەناو دڵی سیمرغا/ رەنگی دەریا/ شینایی چاوی ئاسمانەو/ گەوهەرەکانی: ئەستێرەی دەستەمۆی/ دەستی

شەپۆلن... جارێکیش وەکو زیندانییەك سەرهەڵدەبڕێ و چاو دەبڕێتە ئەستێرەکان و ئاسمانیش وەکو گۆڕ، تاریك و لینجەو گۆڕەوشاری ئەستێرەکان دەدات و لچێکی خۆی داوە بە سەریاناو بە کپی تەماشایاندەکات، جارێکی دی دەبێ بە ماسی و لەگەڵ ئەستێرەکاندا گەمە دەکات، ماسیش لە ئەفسانەکاندا رەمزی ژیانەو هەروەها رەمزی مەسیحیشە.. دیسانەوە لێرەشدا دووانەکە ناکۆك نین (زیندانی، مەسیح) هەردووکیان یاسای دڕندایەتی بەسەریاندا سەپاوە، بەڵام نە سیمرغێکیش فریای دەکەوێت و نە پەرییەکیش هەیە دەست بداتە بەری بۆ ئەوەی بەرنەبێتەوە بۆ نێو بیرە تاریکەکەی ئاسمان، یاخود جارێکیش دەبێتە (یوسف) و براکانی بە گورگان خواردی دەدەن و لە نێو چاڵە تاریکەکە بەجێیدێڵن، هەموو جێگۆڕکێکان دۆزەخن و ئەوانی دیش هەر دۆزەخن، هەروەکو (سارتەر) دەڵێت: بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەیەوێت وەکو دار بەڕوویەك رەگ لە زەوی داکوتێت و لە دڵی گەرم و نەمردووی خاکدا ئاو هەڵمژێت.. ئەگەرچیش لەناو گەدەی لەزەمەن نەماوەو لەلای سڕاوەتەوەو هەستیپێناکات، ئاگای لە ئەستێرەو مانگ و هاتوچۆی ساڵەکان نەماوە، بگرە زەمەنیش هەر زەمەنە ئەزەلییەکەیەو چ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووەو چمکێکی حەقیقە وجوودییەکەیە... دار بەڕوویەکی وشك هەڵواسراوە.. چارەنووسی کەوتۆتە دەستی شەپۆلەکانی دەریاوە.. بەڵام دەریاش نە دەریاکەی جارانەو نە رووباریش خوڕە وەکو جاران.. ئەو رووبارە خوڕەی کە خۆی دایە دەمیەوەو نەیبرد، لێرەدا شاعیر دابڕانی وەعی خۆی دەخاتە روو لەگەڵ وەعی قۆناغێکی دیاریکراوی رابردوودا، ئەو رابردووەی کە لەبیرو هۆشی ئەوەدا دەژیاو ئێستاش ئەوە نییە، بگرە حەقیقەتێکی لە ئەقڵ بەدەرە (وێرانە خاکە)..

یەکێ لە سیفەتەکانی مۆدێرنێتە وشیارییەکی وردە بەرامبەر بە گرفتی هونەرو وشیارییەکی خودیی بەردەوامە.. حەقیقەتەکەش هێندە تفت و تاڵەو لە زەین بەدەرە، دەگاتە ئەوەی لە شێوەی مۆتەکەو لە تابلۆیەکی سوریالیدا خۆی بنووێنێ، تەنانەت دڵی خۆیشی دەکا بە مانگ، بەڵام هەر لە کۆرپەییدا نەهەنگی شەو هەڵیاندەلووشێ، مەسەلەکەش نەخەون و نە مۆتەکەو نە وڕێنەی دەم گەرمەتای تەنیاییە، راستیەو شەو وەکو رەشمارێکی بریندار خۆی لە تەرمەکەی ئاڵاندووەو خێرا خێراش پێوەی دەدا تاوەکو دوا تنۆکی بوونیش لەناو بدات، تەرمەکەیش تەرمی ئەو حەقیقەتەیە کە بە دوایەوە وێڵ بوو، ئەو داوە تیشکەش کە پێیدا هات و رێگەی لێوە گرتەبەر پساوەوە پێیدا هات و رێگەی لێوە گرتەبەرو هیچ رێگەیەکیش لەوێوەو بەرەو جێگەی مەبەست ناڕوات و ئەو پەندەش بە درۆ دەخاتەوە کە دەڵێ: (هەموو رێگایەك دەچێ بۆ بانە). دنیا تاریك و زەلکاوە/ هیچ رێگایەك لێرەوە ناچێ بۆ بانە.. وەکو جۆرە وریاکردنەوەو تەئکید کردنیش لە چەند شوێنێکدا بۆئەوەی ئاماژە بۆ ئەو راستییە بکات، چەند ئاماژەیەکی وریاکردنەوەی هاتوچۆیی لە بەردەمتدا دەچەقێنێت: ئەو تروسکاییەی ئەیبینی/ شەو چراغێکی دزراوی/ گەردنی دیلە شازادەی/ وڵاتی بەفرو هەتاوە.../ لێت تێك نەچێ!/ (ئەوە ئاگری شوان نییە)/ (ماڵە هەژارێك نییە، رووی تێبکەی)/ (ئەوە ئەوسەری ئەشکەوتی/ دۆزەخەکەی دەورت نییە/ رووی تێ مەکە)... (سەلاح شوان)یش لەگەڵ (ئەلیوت)دا هاوقەناعەتەو هەست بە نەزۆکی بوون دەکات، بگرە لەم هەلومەرجەی ئێستاو ئەم زەمەنەدا، هەست بە وێرانەیی گەردوون و لاسەنگی تەرازووەکان دەکات و هەست دەکا زەوی تینووەو پێویستی بە بارانە بۆ ئەوەی بەردەوامی بە ژیان بدات، هەست دەکا وێرانکارییە مەزنەکە لە ئارادایە، بۆیە دەخوازێت ببێ بە رەهێڵەو ئەو نمە بارانەی ئێستاش بەشی ئەوە ناکات قڵێشەکانی زەوی سارێژ بکات، چونکی سەلاح شوانیش وەکو (ئەلیوت) نەوەی دوای دوو جەنگی جیهانییەو کۆمەڵێك جەنگی دی بەچاوی خۆی دیوەو تێیاندا پڕوکاوەو ئەنجامی ئەم کۆمەڵە وێرانکارییانەش هەموو شتێك لەوتاوەو داتەپیوەو بەرەو لەناوچوون و وشکبوون ملدەنێ. تەنانەت لەم سەردەمەدا ئەو موعجیزەیەش روونادات کە تاشەبەردەکەی (موسا) هەبێ و دوانزە کانیاوی لێ بتەقێتەوەو دەمی زەوی تەڕکات: ئەم بایە بای باران نییە/ گەر بشبارێت پەڵە نادات/ ئەم خاکە زۆر تینووترە/ لەوەی بەم نمە بارانە/ قەڵەشەکانی سارێژ بێ... ئەلیوت-یش دەڵێ: ئەگەر ئاو لێرە هەبووایە دەوەستاین و/ دەمانخواردەوە.../ لە نێو تاشەبەردەکاندا/ مرۆڤ ناتوانێ بوەستێ و بیربکاتەوە.../ ئارەقەی وشك و پێیەکان لەناو لمدان../ ئەگەر هێندێ ئاو لە نێو تاشە بەردەکاندا دەبوو... بەڵام شاعیری (شەوێك لە شەوانی سیمرغ) لە هێندێ شوێندا وەکو پشوودان و هەناسە هەڵکێشانێکی دوای ماندوو بوونێکی بێ ئامان، دەوەستێ و بەرامبەر هێندێ لەو حەقیقەتە ماددیانەش دەکەوێتە گومانەوە، وەکو (ئەلیوت) نەیتوانیوە یاخود نەیویستووە لە بنی کولەکەکە بدات، هەر بۆیەش ئەو گومانە بەلای گەشبینی دا رایدەکێشێ.. شەوەکانی ئەمیش لەو شەوە دەچێ کە شاعیری نەمساوی (راینەر ماریا ریلکە) لە -شیوەننامەکانی دۆنیۆ-دا باسی دەکات، هەست بە تەنیاییەکەی خۆی

دەکات و کەسیش گوێ بۆ گۆرانییەکەی شەوی ڕانادێرێت. ڕیلکە دەڵێ: کێ بە تاسەوە حەزی لەم شەوە نییە؟/ کە بە سۆزناکییەوە نائومێدی دەچێنێ و/ بە سەخاوەتەوە ئازارمان پێ دەبەخشێ../ بە دڵڕەقییەوە بەرانبەر دڵی هەموو خەڵکی/ ڕادەوەستێ/ ئایا دەبێ دڵی ئاشقان بسووتێ...؟.

ئەگەر لە گەدەی ئەو نەهەنگەش ڕزگاری ببێ زەحمەتە ئیدی چاوی لە ڕووی خۆردا هەڵبێت، چونکی ئەو چاوی لەگەڵ تاریکی ڕاهاتووەو جەستەی لە دۆزەخدا خووساوەو زەحمەتیشە هەست بە ئارامی بکات و بەرگەی گەرما ناگرێت، چونکە شتێك بەدی ناکرێت سێبەری لێ بکات، وێرانە خاکەکەی سەلاح شوانیش وەکو ئەوەی ئەلیۆت کاکی بە کاکییەو هەتا چاو هەتەر بکات سێبەری تێدا بەدی ناکرێت، نە درەختی لێیەو نە پەریە باڵدارەکانی (یونس)یش تا سێبەری لێ بکەن.. گەر ئەم ئەشکەوتە- نەهەنگە/ هەڵیشت بهێنێتەوە/ تازە چاوت بە ڕووی خۆردا هەڵنایەت و/ لاشەی لە دۆزەخ خوساوی/ ئەم وەرزە تەڕو تووشەی تۆ/ بەرگەی گەرماکەی ناگرێت/ تا پەرییە باڵدارەکانی یونسیش/ ئەم ناوەیان جێهێشتووەو/ سێبەر لە لەشی ناکەن... ئەلیۆت-یش دەڵێ: کۆمەڵێ بتی شکاو، لەوشوێنەی/ نە خۆری لێ دەداو/ نە درەختی مردوو پەنا/ دەداو نە زیکە زیك کەرەش/ ئارامی دەبەخشێ و/ نە بەردی وشك دەنگی ئاوی هەیە.. (وێرانە خاك) سەرەڕای ئەو هەموو ڕاستییانەش شاعیر هێنێ جار پەنا دەباتە بەر بیرکردنەوەی ڕۆمانسییانەو دەیەوێ بە زۆری زۆرداری خۆی لەو چارەنووسە ترسناکە دەربازبکات (نەهەنگ، گەرما، بێ سەرو دالدەیی)... ئەمشەو لە جێگای خۆمەوە/ سەر هەڵئەبڕم/ یەك یەك پەردەکانی دڵم/ لەسەر خۆ دائەدەمەوەو/ مۆمی یادە بە سوێکانت/ هەڵئەکەم و/ بیر لە شەوە تەماوییەکانی بارانت/ ئەکەمەوە.... کێشەکەش گەلێ لە توانای ئەو گەورەترەو هەموو هەوڵدانێکی (سیزیف) ئاسایەو بۆیە ناتوانێ بە هێندەی دروشمێ ڕادیکالی  خۆی بخەڵەتێنێ و چارەسەرەکەش تەنها لە چێوەچێوەی (گرێمانەو خۆزگە)دا دەمێنێتەوە، دیاریشە هیچ شتێك لە دەستی ئەودا نییەو گەلێ هێز هەن کە دەسەڵاتی ئەو دەمژن و نایەڵن ئەگەرو خۆزگەکانی شین ببن و ببنە واقیع، تا ئێستاش ئەو هێزانەی بۆ نەدۆزراوەتەوە، بەڵام ئەگەر دەسەڵات لە دەستی شاعیردا بووایە، نەیدەهێشت ئەستێرەی کەس ئاوا بێت و چاوی کەسیش بە گریان ئاشنا بێ، ئەم دنیایەی دەکردە بە هەشتی سەرزەمین، نەك وەکو دەسەڵاتداران کە کردوویانەتە دۆزەخی شاعیرو خەڵك، ئەمەیش پەیامە ڕاستەقینەکەی شاعیرە هەر لەو سەردەمەوە کە (پرۆمیسۆس) ئاگری لە زیوس دزی..! گەر ئاسمان دەبووم/ نەمدەهێشت/ ئەستێرەکەی تۆ ئاوابێ/ گەر گریان ئەبووم/ نەمدەهێشت/ چاوەکانی تۆ پێیم ئاشنا بێ/ گەر بە دەستی من بووایە هەرگیز/ ئەم دنیایە/ وەها نابوو.. لە بەشی دووەمی ئەم چامەیەدا (سەلاح شوان) بەردەوام لە چاوەڕوانییە بێ ئومێدییەکەی خۆیدا، شەوەو بە تەنیا خۆی و منداڵییەکەی و پێکە شیعرێك لەبەردەمیانەو دەیانەوێ بەسەر دڕك و داڵی باخچەدا دابەشیکەن، بەڵام نازانن چۆن دەپرسێت یان مەستە یاخود هەر لە سەردەمی سەهۆڵبەندانەو بە تەنیایەو چاوەڕێی کەسێکی نادیارو نەناسراو دەکات، بێگومان ئەوە خۆی و (پیکێت)ن کە چاوەڕێی (گۆدۆ) دەکەن، (فلادیمێر)و (ئیستراگۆن) لەژێر درەختێکی ڕووتاوە چاوەڕێی کەسێکی نەناسراو دەکەن، بەدەم گەمە کردنێکی بێ هوودەوە، ئەمەیان بابەتی شانۆنامەکەی (پیکێت)ە، بە ناونیشانی (لە چاوەڕوانی گۆدۆدا)... ئەمشەو تەنیا خۆم و/ منداڵییەکەی خۆمم/ پێکە شیعرێکی تا نیوە/ لە پێشمانەو/ نازانین چۆن بەسەر ئەم هەموو دڕکەی/ ئەم باخچەیەدا بەشی کەین؟/ یان من مەستم/ یان ئەمشەو لە سەدەکانی/ سەهەڵبەندانەوە/ بێدەنگ/ بە تاقی تەنیا دانیشتووم/ (نازانم ئەمشەو بۆ نەهات)..

بێگومان پێکی لە نیوە واتای بەسەر چوونی سەردەمێك دەدات بە دەستەوە، ئەوو گلگامش و ئەو سەردەمی چاوەڕوانییە بەدیار گۆمێکی مەمك خڕی بەهارەوە دادەنیشت، بە دەر لە گلگامش ئەو چاوەڕێی گوڵی شیعرێکی نەمریی- بوو نەك ڕووەکی نەمریی، دەیەوێ ئەو گوڵی شیعری نەمرییە چاو هەڵبێنێت و دەستبخاتە ناو دەستی و، دەشپرسێ ئایا ئەو مەستە؟ یان ئەم دنیایە هەر یەك لە زەوی و ئاسمان بوون بە تای تەرازووەکەی و دڵی وەکو هەتاو هەڵاتووی دەهاڕێت، دەیکا بە تەرزەی تاوان و تەرزەی  لەعنەت و تەرزەی نەفرەت و بەسەریدا دەیبارێنێت و چەتر عیشقێکیشی پێ نییە تا لەو هەموو تاوان و لەعنەت و نەفرەتە بیپارێزێت، هەر کە دەستیشی بۆ پێکە ساردەکەی بەردەمی دەبات بەر لاشەی ئەلحەدی شەو دەکەوێت، ئەو کەس سەیری ناکات تەنها پشیلەیەکی سەر خڕی سمێڵ سووتاو نەبێ.. هیچ کەسێك سەیری من ناکا/ تەنیا پشیلەیەکی سەر خڕی سمێڵ سووتاو نەبێ/ لەبەر مەقالەیەکی پڕ خەڵووزدا/ دانووساوە...

ئەو چاوەڕێی (ئەنکیدۆ)یە کاتی خۆی بە زەویشدا رۆچوو بوو نەهاتەوە، لێرەدا شاعیر کەرەسەکانی شیعری کردووەتە کەرەسەی برژان و مەزە، دوو شیش شیعر، چارەکە چیرۆکێك، پلە وشە هەرچەندێ شوێنی گوللەکانی سنگیانی پێ نیشاندەدەن هەروەکو چۆلەکە فڕی دەکەن، هەر کە دەیەوێ لەگەڵ ئەو چۆلەکانەش باڵ بگریت و بفڕێت، پێیەکانی دەبن بە کۆنکرێت و بە زەویەوە دەنووسێن، چونکی خۆی دەڵێت ئەم زەمانە زەمانی هەڵفڕین نییەو با خەونەکانی فڕینیش ئاگر باران بکرێن، چونکی ئەم ئاسمانە لە قورقوشم دروستکراوەو هیچ مەلێکی ئاگریش ناتوانێ تیا هەڵفڕێت.. زەمانێکە زمانی شیعری تیا لاڵە، تەنها ئاسن دەزانێ قۆناغ لە کوێیە، واتا شیعر نازانێ قۆناغ لە کوێیە، بگرە شەق دەزانێ قۆناغ لە کوێیە! هەرچی شیعر هەیە بیبەن/ هەرچی شیعر هەبوو بردیان/ تەنیا بەردێکیان دامەدەست/ زەمان قات و قڕییەو/ ئەگەر بڵێی: بەردێکم دەنێ تاوەکو/ سەری خۆمی پێ بشکێنم/ ئەڵێن: نییە..

زەمانی قات و قڕی ئەم سەردەمە نوێیە، سەردەمی جەنگە تازەکان، سەردەمی جەنگە مەزنەکانە، نەك شیعرە مەزنەکان، سەردەمێك دژ بە ئارەزوو و خواستەکانی مرۆڤ، تەنانەت لە ئاسمانیش مانگ سەری خۆی هەڵگرتووەو دیار نەماوە، تا سەگێك پێی بوەڕێت: ئەمە مەیخانەیەکی درەنگە وەختە/ وا هەرچی تیایە وەك لاشەی/ دوکانی گۆشت فرۆشەکان/ سەر بەرەو خوار هەڵواسراوە... لێرەدا کۆنە شیعرەکەی (مەحوی)مان بیر دەخاتەوە: شوکور هۆشیارە مەحوی تێ دەگا دونیا خەراباتە/ کە بەدمەستی بکا ئەهلی خراپەی بۆچی لێدەگرم...

ئەو لە کەسێك دەپرسێت بۆ نەهاتووە، پێی وتووە تۆ لێرە دانیشە دەچم چۆلەکەت بۆ دەگرم، هەڵیخەڵەتاندووە، تۆ بڵێی (ئەنکیدۆ) بێت یان (گۆدۆ)بێت، دەبێ تووشی ئاگری عەشقێك بووبێت و نەیهێشتبێت بێتەوەو لێوە سوورەکانی بۆ کردووەتەوە تا ئەم دەمی تیا بنێت، ئەویش بۆ سکی دایکە هەمیشەییەکەی دەیگەڕێنێتەوە، دەشیەوێ خۆی لەم بەئاگاییە مۆتەکەیە رزگارکات، بەڵام دەستەکانی دەبنە دوو دارخورمای چۆڵی بیابانێك و چنگ لە زەوی گیردەکات و نایەڵێت رزگاری بێت، هەرچییەك بکات مەحاڵە رزگاری بێت لەم مەرگەساتە: کە دەرگام ئەکرێتەوە/ گۆشتی لەشی رەشی دەرەوەی لێ ئەبێ/ بە پەیکەری نێرەموکێکی زەبەلاح/ چاوێکم لێ دائەگرێت و/ سمتی خڕیم پیشان ئەدا/ دەرگاکە دائەخەمەوە...

ئەو لەناخی خۆیدا بۆ ژێرزەمینێك، بۆ توونێلێك دەگەڕێ کە بیگەیەننە تەڕایی شیعرێك، گەرمی گریانێك، بە فێنکی مەرگێکی خۆش، بەڵام بێ هوودەیە، ئەو پێویستی بە عەشقی کچۆڵەی مەرگە دوگمەی سینەی بۆ بکاتەوە تا بەدەم سەرخۆشیەوە بیمژێت و تا رەوە گورگەکانی دەوری بڕەوێنێتەوە، شاعیر لێرەدا مەرگ دەکاتە ئامرازی ترساندنی رەوە گورگەکانی دەوروبەری کە هێمایە بۆ هەموو دڕندەیەتی ژیانی هاوچەرخ بە هەموو ئامڕازو میکانیزمەکانییەوە، شەوێك لە شەوانی سیمرغ ئەو شەوەیە کە خۆی و رووبارێکی مردوو بە دیار یەکەوە دانیشتوون و لاشەی یادگاری یەکتری دەپارێزن، ئەو رووبارەی کە جارێك ئەم چ خۆشەویستی لە دڵی شاعیردا هەیە لەگەڵ خۆیدا دەیبات، جارێکیش شاعیر لە تینوانا مژی پێوەی دەنێ و هەرچی عیشق لەدڵیا بوو هەڵیمژی و بەرەو وشکیی بیابانێکی دوور بردی، ئێستاش چاوەڕێی وەرزێکن جزمەو پاڵتۆکەی لێرە بەجێ هێشتووە، بەلای ئەوەوە ئەگەر بێتوو دەریایەك نەتوانێ دەستی پاییز لە یەخەی گوڵێکی سەرما بکاتەوە، دەریا نییە، یان رووبار بە دوای گوڵێکی تینوودا رێگای بیابان نەگرێت، رووبار نییە...

لێرەدا کەم چامە هەیە ئاوها پرسیارە ئەزەلییەکان لەخۆی کۆکاتەوە وەکو چامە شیعری (شەوێك لەشەوانی سیمرغ)، گەرچی سەلاح شوان بەرهەمێکی زۆری شیعرو چیرۆکی هەیە، بەڵام ئەم قەسیدەی درێژەی بووە ناونیشانی شیعری هاوچەرخ و مۆدێرنێتەی کوردی، ئەگەر خوێنەر و هەڵسەنگێنەری خۆی هەبێ، لێرەدا ئێمە چەند برگەمان لەو قەسیدەیە هێنایەوە، گەرچی تێهەڵچوون و راڤەکردنی زۆری دەوێ، تا ئێستا قەسیدە زیندووەکانی شیعری دونیا چەندینجار خوێندنەوەیان بۆکراوە، بۆیە بەڕای من ئەم قەسیدەیە هەرچەنێ تەمەنی لە چارەکە سەدەیەك زیاترە، دیسان پێویست بە بڵاوکردنەوە دەکات، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد بزانێ شیعری چارەکە سەدەیەکی بەر لە ئێستای کورد چەند زیندوو و راچەڵەکێنەر بووە.